**تورکیا تۆپیشی لەدەستدا**



سێپ بلاتەری سەرۆکی فیفا لە ڕوداوەکانی تورکیا دەکۆڵێتەوە، تیپی سویسری و تورکی بەیەکیاندادا کاتێک سویسرا سەرەڕای دۆڕاندنی یارێکە بەرەو خولی جیهانی تۆپیپێ بەرێکەوت.
تورکەکان دەڵێن شەڕەکە خەتای سویسرێکانە!!!! و ئەوان دەستیان پێکردووە، بەڵام فلێمێک کە بەردەست کۆمیتەی لێکۆڵینەوە کەوتووە، واینیشان دەدات کە یاریزانە سویسرێکان لە لایەن پۆلیس و یاریزانە تورکەکان هێرشیان بۆ براوە کاتێک کە بەرەو ژووری خۆگۆڕین بەرێدەکەون. شایانی باسە کە تورکیا پێش ئەم ڕوداوە دوو تاوانە (غەرامە) جگەل لە دوو هوشیارکردنەوەی پێدراوە.

**عەرەب نێت**



پێدەچێت لاپەڕەی دەنگەکان بێ مەبەست لینکی بۆ لاپەڕەی عەرەب نێت دانابێت. لەو لاپەڕەیەدا وێنە و فیلمی تێروریستەکان نیشاندەدرێت.
زۆرینەی ئەو فیلم و وێنانە لە کاتی ئەنجامدانی هێرشەکانی دژ بە سۆپای ئیسرائیلی و ئەمەریکی گیراوە.
لە چەند جێگەیەکی جیاوازدا ناونیشانی کارە تێرۆریستییەکان بە کاری شەهید لە قەڵەمدراوە.
ئومێدەوارین کە هەموو ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەگریدا کاردەکەن، لەم بابەتەدا زیاتر هوشیاربین. تاوەکو بە بێئاگایی نەبینە بنکەیەک بۆ گەیاندنی بڵاوکردنەوەی تێرۆریستان.

**بیخۆ نۆشی گیانت بێت**



جیم تەرنەر کە ئەفسەرێکی سوپای ئەمریکایە لە عێراق، توانیوێتی لە کەناری ئەم ڕوبارە ماسییەکی گەورە بگرێت.